ناوەندی ئاینده بۆ پرسەكانی گەنج

FCYI

Future Center for the Youth Issues

# ناوەندی ئاینده بۆ پرسەكانی گەنج FCYI

## كۆتایی بە خولێكی گەنجانە لە شاری هەولێر هێنا

ناوەندی ئاینده بۆ پرسەكانی گەنج ، لەدرێژەی چالاكیەكانی بەبۆنەی ساڵیادی رۆژی جیانی گەنجان ، رۆژی شەممە ریكەوتی 25 ی ئابی 2007 كۆتایی هێنا بە دووەم خولی پێگەیاندنی گەنجان لە شاری هەولێر .



ئەم خولە بۆ ماوەی سێ رۆژ ولە هۆڵی ناوەندی ئاینده كارەكانی بەسەركەوتویی بەڕێوە چوو كە تیایدا ژمارەیەك گەنجی رۆژنامەنوس ومیدیاكار وگەنجانی نێو رێكخراوەكانی قوتابی وخوێندكاری وگەنجانە ورێكخراوەكانی تری كۆمەڵگای مەدەنی بەشدار بوون . لەماوەی خولەكەدا كۆمەڵێك بابەتی پەیوەست بە گەنجان وبەشداری سیاسی وگەنجی سەركردە وهۆشیاری جێندەری بەتەكنیكی ( وێركشۆپ ) پێشكەش بەگەنجە بەشداربوەكان كراو

ولەبەرامبەر بەشداریکردنیشیان لەخولەکەدا بڕوانامەی بەشداریکردن بەسەر گەنجە بەشداربوەکان دابەشکرا .



ئامانج لەم خولە گەشەپێکردن وبەرزکردنەوەی تواناکانی گەنجان وئاشناکردنیانە بەچمکە سیاسی وسۆسیۆلۆژی ومەدەنیەکانی سەردەم وبەرز راگرتنی ساڵیادی رۆژی جیهانی گەنج .





ناوەندی ئایندە بۆ پرسەکانی گەنج ناوەندێکی سەربەخۆی گەنجانەیە ولەئەنجامی هاوپەیمانێتی ولەشێوەی نێتوێرکێکی گەنجانە لەلایەن چەند رێکخراو وسەنتەرێکی شارەکانی سلێمانی ودهۆك وهەولێر لە بەهاری ئەمساڵ دامەزراوە وئۆفیسی سەرەکی لە شاری هەولێرە .

بۆ ئاگاداربون لە چالاکیەکان وپەیوەندیکردن بە ناوەندی ئایندە دەتوانن سەردانی ئەم لینکە بکەن :

http://fcyi.kurdblogger.com/